

# جەژن و جەژنانە..

**رۆژا ناسر کاکەمەند**
**(سوید)**

بیرمە ساڵێکیان جەژنی قوربان بوو، بەو بەیانییە زووەی جەژن، هێشتا پارووە نانی جەژن لە گەروومان نەچووبووە خوارەوە، یان فریای جل و خۆگۆڕینیش نەئەکەوتین، پیاوانی گەڕەک و دراوسێ، هەموو پێکەوە کۆ ئەبوونەوە بۆ جەژنە پیرۆزانە لە هەموو ماڵەکانی گەڕەک و هەر لەبەر دەرگەوە، بێ ئەوەی یەک هەنگاو پێیان بخەنە ئەودیوی دەرگەی حەساری ماڵەکانەوە؛ گرم و زرم لە دەرگەی حەوشەوە، جەژنەکەتان پیرۆز بێ و خوا موبارەکی بکا، نوقڵەکەمان بەنێ و با بڕۆین، گەردنیشمان ئازا کەن! جا هەمووشیان پێکەوە بە یەک ئاواز و یەک ڕیتم، یان هەر چۆن ڕێک بکەوتایە دووان سێیانێکیان لە دوای یەکترەوە جەژنە پیرۆزەکەیان بکردایە.

ئەوکات من فێرخوازی قۆناغی ئامادەیی بووم، مامۆستای وانە و ڕێزمانی کوردیمان، دراوسێمان بوون. ئای کە شەرمم لێی ئەکرد خوایە، چونکە هێشتا مامۆستایەکی زۆر گەنج بوو. دووەم ساڵی مامۆستاییەکەی بوو، هەمووی سێ ساڵ ئەبوو زانکۆی تەواو کردبوو. لەو کاتە کە پیاوانی دراوسێ بهاتنایە بۆ جەژنە پیرۆزە، باوکم و دایکم، بە گەرمییەوە بەرەو پیریان ئەچوون بەرەو لای حەوشە و بابم لەو کاتەدا دەیگۆ، کچم ئەو چکلێت و نوقڵانە بێنن، وا خەڵک و دروازێ لە ناو دەرگەی حەوشەن. دەلاقەی چێشتخانەکەمان ڕێک بەرانبەر دەرگەی حەوشە بوو، خێرا تا ئەچووم سەبەتەی نوقڵەکە بێنم، گورج لە ژێر پەردەی مەتبەخەوە سەرەتاتکێی لای دەرگەی حەوشەم ئەکرد، بزانم ئاخۆ مامۆستای کوردیشمان هاتووە؟! ئەی خوایە چی بکەم ئەویش هاتووە.. بانگی خوشکەکەم کرد و گوتم ئا تۆ وەرە ئەو نوقڵە ببە بۆ بەر دەرگە، بەخوا من ناچم مامۆستای کوردیمانی تیایە... کە لەو

کاتەیا لە ناو دەرگەی ژووری میوان وەستابووم و سەبەتەی نوقڵەکەش بەدەستمەوە بوو، تا ڕووم وەرگێڕایەوە بەرەو دەرگەکە، خوشکەکەم لە پشتەوە تا توانی بەهەر دوو دەستی پاڵێکی چاکی پێوەنام، ڕێک کەوتمە ناو حەوشە. تازە چارم نەبوو، وەدەرکەوتم و بێ هیچ خۆشڵەژانێک بە خۆم و سەبەتەی چکلێت، دەستە جلێکی زۆر شیکی وەک چاکەت و تەنوورە، هاوکات تیف تیفەیەکی باشی خۆشم دابوو، بەو بەیانییە زووەی جەژن، ڕێک چوومە بەردەم «میوانانی بەردەرگەی جەژن» یەک یەک نوقڵی جەژنیان هەڵدەگرت، سەرەتا بەیەکجار جەژنە پیرۆزەم لە هەمووان کرد؛ بەخێربێن، جەژنتان پیرۆز بێت.

ئاوها ئەم برگەیەم لە کۆڵی خۆم کردەوە هەرچەندە سوورهەڵگەڕابووم و شەرم دایگرتبووم، کە هاتمەوە ژووری بە خوشکەکەمم وت؛ ئەدی لۆ وات کرد! کیژێ بە یەک جار پارەکت پێوەنام تا ناوەڕاستی حەساری ماریێ خۆم پێنەگیراوە! خوشکم بۆ خۆی تریق تریق پێدەکەنی، جا چ باکی بە بەندەی داماو بوو، ئەو بۆ خۆی هێشتا منداڵ بوو، بێ خەم لە هەموو شتێک، بەو سپێدە زووەی دانیشتبوو تەماشای بەرنامەی منداڵانی ئەکرد و بیری لەوە ئەکردەوە کە منداڵانی گەڕەک بێن و پێکەوە، بۆ سەیران و گەڕان و جۆلانە و ئەم بەر و ئەوبەری کۆڵانان بۆ جەژنە پیرۆزە و کۆکردنەوەی نوقڵ و هەڵبەز و دابەزی گەمەی کۆڵان بچنە دەرێ. پێم گوت: هاژە پێت خۆشە دنیاکەمان بگۆڕینەوە، تۆ بێیتە شوێنی من و منیش بێمە جێی تۆ! بەم شێوەیەی تۆ جەژنە و جەژنانە لۆ خۆت موبارەک بکە و منیش دەبمە قوربانی شەرم؟!

(ستۆکهۆلم/ سۆڵێتوینا)
١٦- ٦- ٢٠٢٤